ـ مینا؟! مینای حاجی؟!
کەویٚ بە پێکەنینەوە گوتی:
ـ لەو مەترسیٚ، ئەو لە یەکەم رۆژەوە دەزانیٚ، ئـاخر ئـەویش دڵـی بـە خاڵـمەوەیە، خاڵیشم دەزانیٚ من و تۆ یەکتریمان خۆشدەویٚ، مینـا پێـی گوتـووە، تـازە کـار لـەوە دەرچووە. حەمە ماوەیەکە بیٚ دەنگە، تاس بە سەریدا دیٚ، کەویٚ دەنگی دەدا:
ـ چیە؟ بۆ وا بیٚ دەنگی؟
حەمە بە دەنگی کەویٚ تاس لە سەری پەڕی، گوتی:
ـ هیچ هیچ، بەیانی دەچم بۆ شار، دەبیٚ سەگ پەیدا کەم، بە راست مینا جێی باوەڕە؟
کەویٚ دەم بە بزەوە گوتی:
ـ ئەریٚ، ئەریٚ، جێی باوەڕی منە، تۆش لێی مەترسـیٚ. لـە پـڕ جیـڕەی گریژەنـەی دەرگای دیوەکەی کوێخا رایەڵەوپۆی قسەی حەمە و کەوێی پساند و لە یەکی هەڵبڕین. خشپەی پێی رەوەکانەی حەمە چرپە وەسەربان دەخا، پاش ماوەیەک رممـەی قوونـەبان کوێخاکەریمی خستۆتە گومان و دوو دڵیەوە.

## ١١

ئەستیری بـەرکانی، کـانی تـوو گیراوەتـەوە و دار ماڵـە، وەکـو چـاوی بـێ دەسەڵاتان زەلیوە.

ئاوپۆنگی خواردۆتەوە و جۆگە خوڕەکەی مەندکردووە. جووتـێ مـراوی بـە جۆگەدا، تا بەردەمی کەویێ و مینا دێن و دەگەڕێنەوە.

دڵی کەویێ وەک ئەستێرەکە کەیلە، پەشێو حاڵ و خەیاڵاوی چاوی بـە دووی مراوییەوە وێڵە! چاو یەکە و فرمێسک هەزار!

ـ لە خۆڕا دڵتەنگی دەکەی، بـیری خـراپ دەکەیتـەوە، بـۆ دەیکـوژن، چـی کردووە؟ دێتەوە، بە خودا ئەمڕۆ سبەی سەرهەڵدەدا.

کەویێ چاوی لە سەر مراوییەکانە، بێ ئەوەی چاو لە مینا کا، گوتی:

ـ مینا گیان! بە خۆم نییە، دڵم خەبەری خراپ دەدا، دایمە چاوم دەفڕێ! شەوانە خەوی هاشە و پاشە دەبینم! بە ڕۆژ دەستم بۆ کار ناچێ، هیچم پێ ناخورێ، بـاوەڕ بکە ئەو دنیایەم پێ تەنگـە! حـەز ناکـەم کـەس بمـدوێنێ، ئـەوە دوو ڕۆژە بـێ سەروشوێنە! دەڵێی بەردە و کەوتۆتە گۆمەوە! بە خۆم نییە، دڵـم تاقـەت ناهێنـێ، ناچار رووی خۆم هەڵماڵی و دوێنێ پەنام بردە بەر عەبە شێت و هەواڵم پرسی!

مینا بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

ـ جا عەبە بۆ؟!

کەویێ بە سیلەی چاوێ دەڕوانێتە مینا، گوتی:

ـ چوزانم! گوتم بەڵکە ئەو هەواڵێکی بزانێ.

ـ دەی؟ هیچت وەگیرکەوت؟

کەویێ بزەیەکی خەماوی خستە سەر لێو وگوتی:

ـ پەروەندەکەت هاتۆتەوە حوکمی کوشتنەوەی لە سەر دراوە، بە بابیشتم گوتووە، هەر ئەوەندە بوو دڵم نەتۆقی، گوتم،
ـ ئەی چارە چیە؟
ئیستیوار گوتی:
ـ تەنیا ڕێیەکت هەیە، هەڵێ!
گوتم:
ـ چۆن؟ لە کوێوە؟
گوتی:
ـ دەرفەت ببێ دەتوانی هەڵێی؟ لەڕێوە باوەڕم پێنە کرد، ئەویش تێگەیبوو من باوەڕی پێ ناکەم، گوتی:
ـ من بەراستمە! ئەگەر دەوێری، بەیانی خۆت بکە بە نەخۆش، دەتنێرم بۆ نەخۆشخانە، لە رێ هەڵێ.
بەیانی خۆم هێنایە حاڵیجاو، هاوبەندەکانم لە دەرکەیاندا و بردمیانە دەرێ.
ئیستیوار بێ دەستبەند و کەلەبچە، لەگەڵ پاسەوانێ ناردمی بۆ نەخۆشخانە، لە رێ دەرفەتم هێنا و هەڵاتم، راستەوخۆ چوومە ئەو دیو و تێکەڵاوی شۆڕشی بارزانی بووم.
چوار ساڵ لەوێ مامەوە، لەگەڵ تاقمێ ئێرانی، ئەوانیش هەر یەک بە چەشنێ لە دەوڵەت قاچاخ بوون، رامان هێنایە سەر ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ ئێران، پیاو ئەگەر قەرارە گورگ بیخوا، گورگی وڵاتی خۆی بیخوا، دەستەکەمان پازدە کەس بوو. ئێستا سێ ساڵە لە نێو خەڵکی وڵاتەکەماندا هەڵدەسووڕێین.
بوینەتە چقڵی چاوی زۆرداران، ماوەی دوو سێ روژ لەمەوبەر، لە سەرحەد کەوتمە نێو ئابلۆقەی ئەمنییەوە. بە قوونە شەڕ تا ئەو مەڵبەندە هاتم و بریندار بووم، ئێستا بە برینداری لەبەردەستی دایکێکی دڵسۆز دام، جا نازانم دەرمانم دەکا و چاکم دەکاتەوە، یان راپۆرتم لێدەدا، ئەوەش بزانە ئەو سەرە بێ قابیلە دە هەزار تمەن جایزەی هەیە!
پوورەگوڵە سەری بە هەنیسکەوە دەجووڵێتەوە! بە دەم گریانەوە گوتی:
ـ ئەی کاڵێ چی بە سەر هات؟ هەواڵت لێی هەیە؟ هەرماوە؟ یان بە مێرد دراوە؟
ـ هەر ماوە پوورێگیان، مێرد بە کەس ناکا.
حەمە خۆی پێ رانەگیراوە، چۆتە دەرێ.

خواردوومانە دەرفەت ببیٚ دێمەوە بە دووتدا، تا حەوتەیەک مۆڵەتم بدە، جیٚ و ریٚ پەیدا کەم، دێمەوە، بەو مەرجە بمێنم تا حەوت شەوی دیکە دێم و دەڕۆین، باشە کەویٚگیان.

مینا چاوی بووە بە گۆمی خوێن، بە نووزەی گریانەوە گوتی:

ـ ژنان گەیونەتە دیٚ، فەیزە درێژ ئێستا گەیوەتە تازاوا، کەویٚگیان، زووبە بەڕێی کە، ئەوەی گوت و پشتی تێکردن.

حەمە و کەویٚ دەست لە یەک بەرنادەن، دڵ لە دڵ جویٚ نابێتەوە، ئەژنۆ هێزی نییە، دەست توانای لە مل بوونەوەی نەماوە، پەردەی شەرم دڕاوە، قسە زۆرە و لە بیر چوونەتەوە، هەر دوو بیٚ دەنگ دەڕواننە یەک، عەبەساون.

مینا روویان تێدەکاتەوە.

حەمە دووسیٚ هەنگاو دوورکەوتۆتەوە، خودا حافیزی دەکا.

کەویٚ بانگی دەکا:

ـ راوەستە حەمەگیان.

حەمە ئاوڕ دەداتەوە.

کەویٚ بەرەو کەلاکی عەتا دەڕوا، دەمانچەی پەڕیوی عەتا هەڵدەگیرێتەوە، دەیدا بە حەمە.

حەمە دەمانچەی بیٚ فیشەکی ناوەتە بەر پشتوێن، ویستی بڕوا، کەویٚ بانگی دەکاتەوە.

ئەو ئەسپە بیٚ خاوەنەش ببە، بە پیادە مەڕۆ.

حەمە گوتی:

ـ نا کەوێگیان، ئەسپ بۆ من نابیٚ، دەبێتە هۆی دەردی سەریم، ئاشکرام دەکا.

حەمە رووی وەرگێڕاوە، بیٚ ئاوڕدانەوە، گەلاّزی وەدووی خۆی خست و لە هەزار ئەشکەوتەوە وەسەرکەوت.

ـ کەوێگیان! سازی؟
کەوێ بەندی لەشی وەک بنی ئاو دەلەزێ، بەدەم چەقوچۆوە گوتی:
ـ ئەرێ، ئەوە هاتم.
حەمە لە گوێسوانەوە دەستی کەوێی گرت و کێشایە سەرێ، بە جووت لە قوونە بانەوە بازیان دایە خوارێ، بازدان و خڕەی چەخماخی تفەنگی برنو و دەنگی تفەنگچی یەکێ بوو:
ـ راوەستە بیژوو!!
حەمە و کەوێ دەست لە نێو دەست وشکبوون!حەمە دەنگی تفەنگچی ناسییەوە، دەنگی رەسووڵی نۆکەر بوو! دووسێ هەنگاو کەوێی کێش کرد، ویستی رەسووڵ بدوێنێ.
دیسانەوە گوڕاندی:
ـ مەبزوو بیژوو، لەشت دەکەم بە رووی بێژنگ، راوەستە.
دوو چەکدار لە بنی دیوار دەرپەڕین.
حەمە وەک پاڕانەوە گوتی:
ـ پیاوی چاک بە کا رەسووڵ، چ لە من دەکەی بیکە، کەوێ با بڕواتەوە، ئافرەتە با ئابڕووی نەچێ، تکات لێدەکەم!
رەسووڵ بەدەنگێکی بەرز و زوڵاڵ بە چەکدارەکەی دیکە دەڵێ:
ـ کا سەعید! تۆ دەڵێی چی؟ چۆنە وازیان لێ بێنین بڕۆن؟ ئەو پیاوە تکا دەکا! خوداگیریان دەبین! لەیلێ و مەجنوونن!
سەعیدی نۆکەر دەزانێ رەسووڵ بە تەوسەوە وا دەڵێ، بێ دەسەڵاتانە گوتی:
ـ کەیفی خۆتە! چۆن دەڵێی وادەکەین، کارەکە بە تۆ سپێردراوە، بە من بێ، ئەو ئافرەتە بڕواتە ژوورێ، تۆش کەیفی خۆتە.
رەسووڵ وەک تیری ساردەکەوان دەرپەڕی و لوولەی تفەنگی نایە سەر سینگی حەمە، پڕ بە گەرووی گوڕاندی، وا کە هەموو خەڵکی دێ گوێیان لێبوو.
ـ وەرەوەپێش کەوە بیژوو، کا سەعید! وەرە بە پشتوێنەکەی خۆت دەستی ببەستە،دەرفەت بێنێ، چەکمان دەکا! ئەوە ماری بێ ئیجازەیە، وەرە بیبەستەوە.

ـ باوک کەویٚ شەپلە داییە لیٚ! هەی چەقۆ هەی چەقۆیەسی! هاکا مرد!

حەمە چاوی لیٚ زەق بۆوە و بە سەرسوورِمانەوە دەرِوانیٚتە عەبە! بە توورِەییەوە گوتی:

ـ ئەو بۆ؟!

ـ من چە ئەزانم، ئەویچە هیچ، کەویٚ مائەسەو ئەو.

ـ ئەو چییە؟ دیت؟

ـ نا، چاوم کفتە مینا، ئەیوت کەویٚ بووەسە گرِ و ئاگر! لەتەک کەسا قسە ناکا! راسو گەرەکە! من هیچیٚ حالی نەووم، ئەو کەنیشک برا گەماڵە هەر ئەگیریا، ئەونە وەحینچکە ئەگیریا، حالی نەوم چە ئیٚژیٚ، خۆت ئەزانی من سەر لەو حەیس و بەیسانە دەرناهیٚرم، مەگەر راییٚتر بچمەو، ئەم رِا ئەچمە بنجوبناوانی، سوح ئەشیٚ بچەمەو ئاخر میمکەگوڵە ئەیوت حەز ئەکەم چاوم بکەفیٚتە حەمە، ئەشیٚ بچم بیٚرم، ئەمرِا ئەچمە بنجوبناوانی و گشت قسەکانی ئەگرمە میٚشکم و بۆتی ئەگیٚرمەو، خاسە گیٚلە؟

حەمە بە تەوسەوە گوتی:

ـ ئەی بەخیٚر بییٚتەوە برا! هەواڵ هەر دەبیٚ تۆ بیهیٚنیتەوە! کار هەر دەبیٚ بە تۆ بسپیٚردریٚ! ئەی داوەشیٚی بۆ هەواڵت.

عەبە دەزانیٚ حەمە بە تەوسەوە وا دەڵیٚ و زۆر قەڵس و توورِەیە، بۆ دڵنوایی گوتی:

ـ دەی خاسە، دار راییٚ بەری نەگرت ئەشیٚ بیورِی؟ ئەم رِا کارم خراو کردییە، ئەویش بچینە دەشتە و چکیٚ هەوا با لیٚمان، شەوەکی گشتی مەعلووم ئەکەم، دە هەڵسە تۆ خوا.

عەبە لایەک زۆر و لایەک پارِانەوە، حەمەی هیٚنا دەریٚ و گەلاز بە دوایاندا؛ چوونە سەرکانی.

ئیٚوارەیە، تاریکانە، ئەستیٚرەیەک یەک وەدەرکەوتوون. دیٚ کۆن چۆڵوهۆڵە. حەمە دڵتەنگ و خەفەتبارە، دەڵیٚی ئەو دیٚ کۆنە بە سەر ئەودا کاولبووە و دەرەتانی رۆینی نییە.

عەبە بە قسەی خۆش و جەفەنگەوە دڵنوایی دەکا. حەمە لە رەوتی خۆی ناکەویٚ، ئەو چەشنە سەری داخستووە، هەڵی ناهیٚنیٚ، ئەنەهوو هەر لەگەڵ ئەویشی نییە! عەبە زۆر قینی هەستاوە! هەست بەوە دەکا حەمە ریٚز بۆ کەسایەتی ئەو دانانیٚ و بە چاوی سووک تەماشای دەکا. لیٚبرِاوانە لە بەرانبەری حەمە وەک سنگ چەقی، دەیەویٚ خۆی بەو

دەستیان کردە ملی یەک و یەکتریان ماچ کرد، نەک جارێ، چەندین جار یەکیان لە ئامێز گرت، یەکیان بەر دەدا و دیسانەوە ئامبازی یەک دەبوونەوە، هەر دوو دڵیان پڕە، هیچیان لە ترسی گریان ناوێرن بدوێن. حەمە بە سەر دەروونیدا زاڵبوو و گریانی خواردەوە:

ـ عەبەگیان! کەوێ، یان مینات دی، بڵێ حەمە دەیگوت، کەوێ دایکی حەوت کور بێ هەر بە تەمایم، لە شایی ئەحمەد و مینادا بەشداری بکە، لە بری من تۆ بچۆ، بمێنم سەرت دەدەم، هۆشت بە خۆتەوە بێ، گەلازت لەدەست دەرنەهێنن، ئەمانەتت گەلاز بێ.

پشتی هەڵکرد و بە توندی عەبەی بە جێ هێشت.

زۆری نەخایاند لە کێوە بارداویلە وەسەرکەوت. لە سەر تروپکی کێو ئاوڕی داوە، لە سەر بەردێ دانیشت و چاوی بڕییە نێو دڵی ئاوری ماڵەکەی، تەواوی بیرەوەریەکانی بۆی زیندوو بوونەوە و یەک بە یەک لە ئاوردا دەهاتنەوە بەر چاوی.

کاکڵە هەورێ وەبەرچاو نایە. تاووبان لە هەموو لاکەوتووە. هەتاو دەڵێی لە پشتی شووشەوە تیشک دەهاوێژێ، خۆری پاییز تینی تیژە.

ئەسپەڕەش داهێزراو رێ دەبڕێ، پاشووی بە دوویدا کێش دەکا، دەڵێی وەفەیەتی! دەستی لە ئەرز بەرز نابێتەوە، رەنگە باغە و قەرەقوشی گرتبێ! ئەحمەد فەڕاش لە سەرە خۆیە، ئاوزەنگی لێنادا و پەلەی لێ ناکا.

سوار لە کێوەبەرداویلەوە هێور هێور دێتە خوارێ، گەییوەتە دەوری دێ. دەستەیەک کوڕە جەحێڵە لە دەوری کانی وێستاون. سوار گەیشتە بەرانبەریان، بە ئاماژەی دەست سلاوی کرد. ئەوان بە زمان جوابیان داوە:

ـ بە خێر بێی کاکەحەمەد، فەرموو بچینە ماڵێ.

ـ خۆش بن برا، دەچمە ماڵی کوێخا.

ئەسپ لەقان لەقان گەیشتە دەرگا، سوار لەغاوی کێشا و پێی لە ئاوزەنگی دەرهێنا، لەغاوی کرد بە قوڵدا و لە سەرەخۆ لە دەرکەی دا.

ئافرەتێ جوابی داوە:

ـ فەرموو، دەرگا دانەخراوە.

بەر دەرکی ماڵی پوورەگوڵە پڕە لە حەشـام. تـاهیر و کـاوە و قـادر لـەوێن. حەمە و بابی و کەویێ هاتنەوە. یەکە یەکە ماڵاواییان لە خەڵک کـرد، هـەر سـێ سوار بوون، دوو چەکدار، قادر و کاوە، بە فەرمانی تـاهیر لـەگـەڵـیان کـەوتن، بڕیارە تا سەر سنوور ڕەوانەیان کەن. چەکـدار لـە پێشـەوە و سـوارە لـەدواوە و حەشام بە دووی سوارەوە تا تەپی ماڵان چوون.

یەک یەک و دوو دوو، خەڵک گەڕانەوە. تاهیر و پوورەگوڵە، هەتا سـوارە و پیادە لە چاو ونبوون، چاویان لێ خافڵ نەکردن. کە لە چاو ونبـوون، پوورەگوڵـە لەبەرخۆیەوە گوتی:

ـ گوێرەکەی خەڵک هەر گوێرەوساری بە دەستەوە دەمێنێ!

